# دووفاقی کەسێتی

ڕێبین کەریم

گوڵ ئەگەر ئەقڵی هەبێ قەت سەرلەخاك ناكاتەدەر

چونكە ڕۆژی درك وداڵە گەرمی بازاڕی گیبا

گەلێك جار ئیزدیواجیەت لە كرداروو گفتاری كەسەكاندا دەبینین، جیاوازی لەنێوان گووتن و كرداردا، هەندێك كەس لە قسەكردندا وادەردەكەون كە نموونەی دڵسۆزی و چاكی و لەخۆبردووین، بەڵام كەدێتە سەر كردار تەواو پێچەوانەی وتەكانی خۆیان دەبنەوە، برادەرێك ڕەخنەی ئەوەی لە حیزبێكی فەرمان ڕەوا دەگرت كەگوایە خۆیبە گری بڕوای ڕەنجدەران دەزانێت بەڵام زەوت كەری مافی ڕەنجدەرانە. ئەو برادەرە سەرڕاستە هیوایەتی مجامەلەیەو خۆی بە نەتەوەخواز و عەدالەت خواز دەزانێت. برادەرێك ماوەی دوومانگ ئیشی لادەكرد پارەی مانگێكی خوارد، خوا بەوە ڕەحمی كردووە كە كاربەدەستێكی گەورە نییە ئەگینا دەبوایە هەر بمان وتایە هەزار ڕەحمەت لە كفن دز، بۆئەو بڵاوكراوەی دەری دەكرد مانگانە پارەی لە حوكمەت وەردەگرت، وەڵێ بەردەوام پڕوپاگەندەی ئەوەی دەكردكە حوكمەت پارەكەی بڕیوە، لەخزمەتی ڕۆژنامەگەریدا خۆی بە بەدرخانیەكان نەدەگۆڕییەوە، وەڵێ ئەگەر قەزیەی گیرفان نەبوایە هەزاران میل دوردەكەوتەوە، یەكێك لەعاجبایەتیەكانی ئەو برادەرە ئەوەیە بەردەوام كاوێژدەكاتەوەو ئارەزوی ئەوەی هەیە ڕەخنەی توند لەبەرامبەرەكەی بگرێت بەڵام ئەگەر كەسێك ڕەخنەی لێبگرێت، وەك دەروێشێك كەسووكایەتی بەمووقەدەساتی كرابێت دووچاری فێلێ هاتن دێت.

ماهیەتی هەركەسێك لەكردەوەكانیدا دەردەكەوێت، نەك لە قسەوگووتەكانیدا، دەشێ كەسێك لەقسەكانیدا وای دەربخات كەسێكی زۆر نیشتیمان پەروەروو وەتەن دۆستە وەڵێ ئەگەر بۆی بلوێت بەكردەوە نیشتمان هەراج دەكات، برادەرێكی نووسەروو ڕۆشنبیر بەرلە ڕاپەڕین بەشانازییەوە بەشداری پێشبڕكێی قادسیەی دەكرد، وەڵێ دوای ڕاپەڕین بووە پارێزەری كوردایەتی و ڕەخنەی توندی ئاراستەی كەسانێك دەكردوو بەسووكایەتی كردن بەكوردایەتی تاوان باری دەكردن، مەهزەلەكە لەوەدابوو ئەوكەسانەی لە دڵسۆزیانەوە ڕەخنەیان ئاراستەی دەسەڵاتی كوردی دەكرد، پێش ڕاپەڕین لەسەر كوردایەتی دووچاری دەربەدەری هاتبوون نەك وەك پارێزەرەكەی كوردایەتی لەلایەن داگیر كەرانەوە شاباش نەدەكران، بەڵكوو دەربەدەری بەشیان بوو، مامۆستایەكمان هەبوو بەرلە ڕاپەڕین زۆرجار باسی ئەوەی بۆ دەكردین ئەگەر نەبین بەبەعسی مستەقبەلمان دەفەوتێ‌و هیچمان نابین بەهیچ و هەمیشە لە وەسفی بەعس و دەسەڵاتەكەیدا بوو ڕۆژانی پێنج شەممان لەحەوشەی قوتابخانەكەدا ڕیزی دەكردین و سرودی وەتەن و مەدای پێ دەوتین لەهەر ڕیزێكەوە دەنگی وتنەوەی سرودەكە كزبوایە دەینەڕاند چییە دەڵێی مردوون. دوای ڕاپەڕین لێمان بووە شۆڕەسواری كوردایەتی و ئەوەی سروودی ئەیرەقیبی نەوتایەتەوە یان بەسووكی بیوتایەتەوە لێی تورە دەبوو، دیارە ئەوجۆرە شۆڕەسواریەش بەهەموو كەس ناكرێت.

## تێبینی كوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، كە بۆچونی (كوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەكەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتكارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێكدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org كوردستان نێت